**بەش: زمانی کوردی**

**کۆلێژ: پەروەردە**

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**بابەت ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی وبینین**

**ناوی مامۆستا: سامان احمد عبدالله**

**ساڵی خوێندن: 2023/2022**

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس | ڕێگاكانی وانەوتنەوە / كۆرسی دووەم |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | م.سامان احمد عبدالله |
| ٣. بەش/ كۆلێژ | پەروەردە / بەشی زمانی كوردی |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل:**saman.abdulla@su.edu.krd**<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپێی ئارەزوو):٠٧٥٠٤٨٦٢٢٧٨ |
| ٥. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 3<br>بۆ هەر گرووپێك |
| ٦. ژمارەی كاركردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەكدا<br><br>لەهەفتەیەكدا بەنزیكی (١) كاتژمێر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری قوتابییەكان و قسەكردن لەسەر سەرچاوەو بابەتی تری پەیوەندیدار بە وانەكەوە. ئەم كات بەخشینەش بەشێوەیەكی دیاری نەكراو و نافەرمی. |
| ٧. كۆدی كۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەكادیمی خۆی (تەنها ئەكادیمی) یان ئاماژە بە **Webpage, Blog, Moodle** دەكات<br><br>لە ساڵی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥ بروانامەی بەكالوریوسم بەدەست هینا بە پلەی دووەم لەسەر ئاستی كۆلیژ و ٢٠١٢ وەك قوتابی خوێندنی ماستەر وەرگیرام لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، لەساڵی ٢٠١٤ بروانامەی ماستەرم بەدەست هێنا بە پلەی یەكەم لەبواری ڕێگاكانی وانەوتنەوە ، وە نازناوی زانستیم لە مانگی ١٠ی ٢٠١٤ بەدەست هێنا. و سالی ٢٠١٩ نازناوی مامۆستام وەرگرت |
| ٩. وشە سەرەكیەكان | **مامۆستا، قوتابی، بابەت، هونەری گەیاندن، ڕێگاكانی وانەوتنەوە، شێوازی وانەوتنەوە، زمانی جەستە،پەروەردە، فێركردن، فێربوون ، پلان ..** |

**١٠. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

**لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە كۆرسەكە دەكات بە شێوەیەكی گشتی كە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:**

- **گرنگی خوێندنی كۆرسەكە (بابەتەكە)**
- **تێگەیشتنی چەمكی سەرەكی كۆرسەكە**
- **بنەما وبیردۆزی كۆرسەكە**
- **زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەكانی بابەتەكە**
- **زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ دابین كردنی هەڵی كار**

ئەمە لە ٢٠٠ وشە كەمتر نەبێت:

**گرینگی خوێندنی ئەم كۆرسە لەوەدا دەردەكەوێت، كە هۆكاری ناساندنی گشتی پرۆسەی پەروەردەو فێركردن و بەش و ڕەگەز و پێكاتەكانیان. هەروەها ناوەڕۆكی كاری مامۆستا تێیاندا.**

**هەروەها سەبارەت بە ژینگەی پەروەردەیی هۆكارێكە بۆ ناساندنی ژینگە پەروەردەییەكان و هەبوونی پەیوەندییان پێكەوەو كاریگەربوونیان**

لەسەر یەکتر، ژینگەی قوتابخانەو ڕەگەزەکانی وەك نموونە.
لەلایەکی دیکە ئاشناکردنی قوتابییان بە ئامانجە پەروەردییی و فێرکارییەکان کە خۆیان لە ئامانجە (مەعریفیی و ویژدانیی و دەروون جوڵەیی)یەکاندا دەبیننەوە. ئەمەش لەپێناو ئاشنابوونی زیاتری قوتابییان تاوە کوو مامۆستایەکی سەرکەوتوویان لێ بەدی بێت . هەروەها لە پێناو ئەم ئامانجانە تێبکۆشن .
چونکە پلان ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە بەرزبوونەی ڕێژەی بەدەست هێنان لەهەر کارێکدا هەبوونی شارەزایی لە دانانی پلانی رۆژانەو مانگانەو ساڵانە بەگرنگ وەرگیراوە. هەروەها فێربوونی چۆنێتی دانانی دەفتەری پلانی رۆژانەو کارپێکردن و کارکردن لەسەری .
پاشان تێگەیشتن لە جیاوازی تاکایەتی و سوود وەرگرتن لەپێوەری بابەتیی بۆ پۆلێنکردنی قوتابییان و جیاوازییەکانییان و ڕەچاوکردنی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا. وە پێویستە لێهاتوویی لە کۆنترۆلکردنی پۆل و کارامەیی لەبەرێوەبردنی پۆلدا و زانینی هونەرەکانی مامەڵەی باش و دادپەروەرانە وەزانینی کارامەیی بەکارهێنانی زمانی جەستەو توانستی بەکارهێنانی لەپۆلدا دووبابەتی تری گرینگن بۆ مامۆستا.
شیکردنەوەی بەشێکی زۆر لە کێشە پەروەردەییەکان و فێربوونی هونەری چارەسەکردنیان لای مامۆستا .
شارەزابوونی قوتابی لە چۆنیەتی دانانی پرسیارەکان و پێوەرە گونجاوەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابییان بەشێوازێکی گشتی .
فێرکردن و بەرچاوڕوونی باش لەجۆراو جۆری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی پێویست بۆ قوتابیانی بەشی زمای کوردی، تا بتوانن لەپیشەی مامۆستایەتی بەکاری بێنن و کەسایەتیەکی سەرکەوتووی نێو کۆمەڵگە بن .

**١١. ئامانجەکانی کۆرس :**

لەبەر ئەوەی لەداهاتوودا دەرچووانی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە کاریان وانەبێژییە لە قوتابخانە، بۆیە ئامانجەکانی کۆڕس خۆی دەبینێتەوە لە:

١- ئاشنا کردنی قوتابییان بەبنەما گشتیەکانی کاری وانەوتنەوە، وەك پێداویستییەك تا لە کاری مامۆستایەتی بەکاری بێنێ و سوودی لێوەربگرن .
٢- ئاشناکردنی قوتابییان بە ڕێگا کۆن و نوێیەکانی وانەوتنەوە،لەبەر ئەوەی مامۆستای وانەبێژ دەبێت ئاگاداری گشت لایەنێکی وانەوتنەوە و ڕێگاو شێوازەکانی ئەم کردارەبن .
٣- ئاشناکردنی قوتابیان بەو کێشەو بەربەستانەی دێتە بەردەمیان لەپیشەی مامۆستایەتی و چۆنیەتی کۆنترۆلکردنی .
٤- ئاشناکردنی قوتابییان لەسەر چۆنیەتی وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی، بەو پێیەی داهاتوویان کاری مامۆستایەتیە لەقوتابخانە و پەیمانگاکان.
٥- ئاشناکردنی قوتابیان بەسەرچاوە سەرەکیی و سوودبەخشەکانی ئەم بابەتە .
٦- ئامادەکردنی قوتابی بەشێوەیەکی کرداری بۆکاری وانەوتنەوە .

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

بەو پێیەی قوتابی تەوەری سەرەکییە، بۆیە پێویستە لەیەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی کۆڕس بووکی پێ بدرێت و ئاشنا بکرێت بەو بابەتانەی لەماوەی ساڵی خوێندن لەگەڵیدا گوزەر دەکات، وە بۆی ڕوون بکرێتەوە کە پێویستە بەشدار بێت لەچالاکیەکانی وانەکانی ناو پۆل و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان و ئەنجامدانی سمینار (کەئامادەکردنی وانەیەکە لەبابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و پێشکەشی قوتابیانی بکات)، وە گەڕان بەدوای سەرچاوەی پێویست کەلەکۆڕس بووك بۆیان نووسراوە یاخود هەرسەرچاوەیەکی تر کەسوودی هەیە بۆیان، وە

ئامادەبوون لە تاقیکردنەوەی وەرزی و کۆتایی ساڵ .

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

١- ڕێگای گفتوگۆ .

٢- ڕێگای پرسیار و وەڵام .

٣- ڕێگای داباریبنی هزری .

٤- ڕێگای بیرکردنەوەی شەش کڵاو .

٥- ڕێگای فێردن بە گروپ .

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

※ (٥٠%)ی نمرەکان، تایبەتە بە کۆششی ساڵانەی قوتابی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبن:

- ٢٠% تاقیکردنەوە و پیشکەشکردنی وانەیەك .
- ٢٥% بینین .
- ٥ نمرە بۆ پیشکەشکردنی وانەیەك لەپۆل .

※ (٥٠%)ی نمرەکان تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ .

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

قوتابی ئازیز..

لەدوای تەواوبوونی ئەم کۆرسە، بەو پێوەروو بنەمایانەی کەبۆی دانراوە و پابەندبوونی بەڕێزتان پێی و بەدواداچوون بۆ سەرجەم زانیاری و سەرچاوەی پێویست، ئەوا چاوەڕێ دەکرێت لەچەند لایەنێکەوە گەشە بکەیت، کە بریتین لەم لایەن و بوارانەی ژیانت:

یەکەم: لایەنی مەعریفی: ئەم کۆرسە زانیاری و چەمك و زاراوەیەکی زۆرت پێ ئاشنا دەکات سەبارەت بە پیشەی مامۆستایەتی و ڕەگەز و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی پەروەردەو فێرکردن و کرداری وانەوتنەوە.

دووەم: لایەنی دەروونی: تەواوکردنی ئەم کۆرسە لەڕووی دەروونیەوە کاریگەری باشی هەیە بۆ متمانەبەخۆبوون، ئامادەیی ویژدانی و شەیدایی بۆ کارکردن لە پیشەی مامۆستایەتیی. ئەمەش بە هۆی شکاندنی بەربەستەکانی وەك ترس و شەرم لەکاتی گفتوگۆ و بەشداری و پێشکەشکردنی بابەت.

سێیەم: بواری کۆمەڵایەتی: ئەم کۆرسە فێری مامەڵەکردنت دەکات لەگەڵ جیاوازییەکاندا. هەروەها هانت دەدات کە کارلێکی باش و تەندروست ئەنجام بدەیت لەگەڵ ئەو شوێن و ناوەندەی کە تێیدا کاردەکەیت لەدووا ڕۆژدا .

چوارەم: هەلی کار: دوای پابەندبوون بەم کۆرسە قوتابی ئامادەیی ئەوەی بۆ دروست دەبێت کەوا لەهەر شوێنێك هەلی کار هەبێت نزیك لەتایبەتمەندییەکەی، ئەم لێی سوودمەند بێت و بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**١٦. لیستی سەرچاوە**

**یەکەم/ سەرچاوە بنەڕەتییەکان:**


- بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کەریم ئەحمەد عەزیز، هەولێر/ چاپخانەی نارین ـ ٢٠١٤
- مامۆستای باش و سەرکەوتوو کێیە؟ محەمەد صالح پێندرۆیی، هەولێر/ چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم ـ ٢٠١٠
- سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەولێر/ چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم ـ ٢٠٠٨

. المدخل إلى طرائق التدريس العامة، أ. د. فاضل خليل إبراهيم، دار إبن كثير للطباعة والنشر/ جامعة موصل ـ ٢٠١٠.

. طرق التدريس العامة، د. عبدالرحمن عبدالسلام، دار المناهج/ عمان ـ ٢٠٠١.

. طرائق التدريس: منهج – اسلوب – وسيلة، د. ردينة عثمان الأحد ، د. حذام عثمان يوسف، دار المناهج/ عمان ـ ٢٠٠٤.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

) المرشد المعاصر إلى أحدث طرائق التدريس وفق معاير المناهج الدولية، د. نعمان عبدالسميع المتولي/ دار العلم والإيمان ـ ٢٠١٢.

) الموسوعة الحديثة في التربية والتعليم: اعداد المعلمين–التخطيط التربوي–الإدارة المدرسية–الإشراف التربوي، د. محمد عبدالعزيز الشفوي ، د.طنطاوي دنيا ، د. نجوى طارق جادالله ، محمود حسين جميل، دار العلوم الحديثة، الطبعة الرابعة، موصل ـ ٢٠٠٠.

) مراعاة مبادئ الفروق الفردية وتطبيقها الملية في تدريس التربية الإسلامية، د. ناصر أحمد خوالدة ، يحيي اسماعيل عبد، دار الوائل، الطبعة الأولى/ عمان ـ ٢٠٠٥.

) معلم الصف وأصول التدريس الحديث، د. عبدالقادر مراد، دار الأسامة/ عمان ـ ٢٠٠٥.

) أساليب وطرق التدريس اللغة العربية وإعداد دروسها اليومية بالأهداف السلوكية، د. فؤاد أبو الهيجاء، دارالمناهج/ عمان ـ ٢٠٠١.

) الإستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال، محسن علي عطية، دار الصفا/ عمان ـ ٢٠٠٨.

) كفايات التدريس: المفهوم–التدريس–الأداء، د. سهيلة محسن كاظم فتلاوي، دار الشروق/ عمان ـ ٢٠٠٣.

) علم النفس التربوي، د. رؤوف محمود القيسي، دار الدجلة، الطبعة الأولى/ عمان ـ ٢٠٠٨.

) إدارة الصف المدرسي، الأسس والإجراءات، د.طارق عبدالحميد البدري، دار الثقافة/ عمان ـ ٢٠٠٥.

) إدارة الصف المدرسي، أمل عبدالسلام خليلي، دار الصفاء، طبعة الأولى/ عمان ـ ٢٠٠٥.

) التربية العملية بين النظرية والتطبيق، د. محمود حسان سعد، دار الفكر، الطبعة الأولى/ عمان ـ ٢٠٠١.

) أساسيات في التربية العملية، د. عمر عبدالرحيم نصرالله، دار الوائل، الطبعة الأولى/ عمان ـ ٢٠٠١.


| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم: مێژووی پەروەردە و کرداری وانەوتنەوە، ڕەگەز و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کرداری پەروەردەو فێرکردن: مامۆستا، بابەت و پرۆگرام، ڕێگەو شێوازەکانی وانەبێژی ، قوتابی ، قوتابخانە.**<br>**هەفتەی دووەم: ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان: ئامانجە مەعریفییەکان، ئامانجە ویژدانییەکان، ئامانجە دەروون جوڵەییەکان.**<br>**هەفتەی سێیەم : وانەبێژیی چالاك، (التدريس الفعال) و مەرج و پێداویستییەکانی.ناسینی کێشە پەروەردەییەکان و لەبەرچاوگرتنی ڕێگا چارەی گونجاو بۆیان، نموونەی (قۆپییەکردن–ئامادە نەبوون–شەرمکردن–جوڵەی زۆر–شەڕانگێز...)**<br>**هەفتەی چوارەم: هەبوونی شارەزایی لە دانانی پلانی ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانە. هەروەها چۆنێتی دانانی دەفتەری پلانی ڕۆژانە.**<br>**هەفتەی پێنجەم: تێگەیشتن لە جیاوازی تاکیی و پێوەری بابەتیی بۆ پۆڵێنکردنی قوتابییان و ڕەچاوکردنی جیاوازییەکانیان لە کرداری فێرکردندا. لێهاتوویی لە کۆنترۆڵکردنی پۆل و هونەرەکانی مامەڵەی دروست لە بەڕێوەبردنی پۆلدا.**<br>**هەفتەی شەشەم: زانینی کارامەیی بەکارهێنانی زمانی جەستەو توانستی بەکارهێنانی لەپۆلدا. هۆشیاری بایەخی کات و هونەری دابەشکردنی بەپێی گرنگیی و بایەخی بەشەکان.**<br>**هەفتەی حەوتەم: ڕاڤە و پێناسەو سنووری چەمکەکان: ڕێگەی وانەبێژی (الطريقة) ، شێوازی وانەوتنەوە** | |

**(الأسلوب) ، ستراتيجى وانەوتنەوە (الإستراتيجية) ، پەروەردە (التربيە) ، فێركردن (التعليم) ، وانەبێژی (التدريس)) .**

**هەفتەی هەشتەم: ڕێگەی ئامادەكاريی (طريقةالمحاضرة–Lecturing method)، پێناسە، بنەماكانی، گرنگی ئەم ڕێگەيە، هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی، باشييەكانی، كەم و كورتييەكانی. ڕێگەی گفتوگۆ (طريقةالمناقشة–Discussing method)، پێناسە، بنەماكانی، گرنگی ئەم ڕێگەيە، هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی، باشييەكانی، كەم و كورتييەكانی.**

**هەفتەی نۆيەم: ڕێگەی فێركردنی بەهەرەوەزی (التعلم التعاونیmethod - Cooperative learning ) پێناسە، بنەماكانی، گرنگی ئەم ڕێگەيە، هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی، باشييەكانی، كەم و كورتييەكانی.**

**هەفتەی دەيەم: تاقيكردنەوە .**

**هەفتەی يازدەهەم: ڕێگەی پرسيارو وەڵام (طريقة الإستجواب – Questioning method) پێناسە، بنەماكانی، گرنگی ئەم ڕێگەيە، هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی، باشييەكانی، كەم و كورتييەكانی. ڕێگەی داباراني هزر (عصف الذهني– Brainstorming method)، پوختەو پێناسەی ئەم ڕێگەيەو بايەخ و گرنگييەكانی.**

**هەفتەی دوازدەهەم: ڕێگەی بيركردنەوەيی (٦) كڵاو، (قبعات التفكيرالست – Six thinking hats method)، پوختەو پێناسەی ئەم ڕێگەيەو بايەخ و گرنگييەكانی. ڕێگەی مۆدێلی فێركاری (المجمعات التعليميه – instructional models ) پوختەو پێناسەی ئەم ڕێگەيەو بايەخ و گرنگييەكانی.**

**هەفتەی سيزدەهەم:** ڕێگەی استنتاجی, پێناسەكەی, ئامانجەكانی, هەنگاوەكانی , خاڵە لاوازو بەهێزەكانی بەكارهێنانی ڕێگەی استنتاجی.ڕێگەی هربارتی, پێناسەكەی, ئامانجەكانی, هەنگاوەكانی , خاڵە لاوازو بەهێزەكانی بەكارهێنانی ڕێگەی هربارتی.

**هەفتەی چواردەهەم:** ڕێگەی دۆزينەوە (الاكتشاف) پێناسەكەی, ئامانجەكانی, هەنگاوەكانی , خاڵە لاوازو بەهێزەكانی بەكارهێنانی ڕێگەی دۆزينەوە (الاكتشاف)

**هەفتەی پازدەهەم : زانياری پێدان و ڕاهێنانی قوتابييان لەسەر زمان و ئەدەبی كوردی و چۆنێتی ڕێگەكانی وتنەوەی زمانی كوردی بەو پێيەی ئەم كۆلێژە مامۆستا ئامادە دەكات. پێداچوونەوە بە گشتی بەباتەكە .**

| | |
|---|---|
| ١٨. بابەتی پراكتيك (ئەگەر هەبێت) | نيه |

**١٩. تاقيكردنەوەكان**

١. **هەڵسەنگاندنی ڕۆژانە لەڕێی پرسياری كورت .**

٢- **شێوازی پرسياری وتاری، بەنموونە مامۆستای سەركەوتوو بناسێنە و تايبەتمەندیيەكانی دياری بكە، ياخود گرينگی ڕێگاكانی وانەوتنەوە دياری بكە .**

٣- **ڕاست و هەڵەكان دياری بكە:** دەركردنی قوتابی لە پۆلدا كاريكی پەروەردەييە .

٤- **باشترين** ڕێگای وانەوتنەوەی زمانی كوردی دەست نيشان بكە لەگەڵ هۆكاری هەڵبژاردنی .

٤- **هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست، ياخود ئەم بۆشاييانە بەوشەی گونجاو پڕبكەرەوە .**

**٢٠. تێبينی تر**

**پێويستە قوتابيان بەدوواداچوونی زياتر بكەن بۆ بابەتەكانی پەيوەست و نزيك لە ڕێگاكانی وانەوتنەوە چونكە بەشێكی سەرەكييە لەكرداری مامۆستايەتی لەداهاتوودا .**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

**د.عبدالستار د.دیار**